Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10220

# وەزیفەی بازرگانی لەشاری کەلار لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای شار

**نرمین عبدالله محمد[1] ، جمعه علی داي[2]**

1-کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی گەرمیان ، هەرێمی كوردستانی عێراق

2-کۆلیژی زمان زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی خانەقین ، هەرێمی كوردستانی عێراق

**پوختە:**

وەزیفەی بازرگانی بە وەزیفەیەكی سەرەكی ژیانی شار دادەنرێت زۆر ئەستەمە شارێك ببینرێ بەبێ وەزیفەی بازرگانی، توێژەران وایان داناوە بازرگانی بنەمایەكە بۆ پۆلێنكردنی شار، دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین وەزیفەی بازرگانی لە شاری كەلار بە گوێرەی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەكان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە پێش ساڵی حەفتاكان وەكو گوندێكی ئاسایی دەركەوتووە دانیشتوانەكەی خەریكی كاری كشتوكاڵی بوون. پەنایان بردۆتە بەرشاری كفری بۆ ساغ كردنەوەی بەرهەمەكانیان بۆ مەبەستی بازرگانی كردن شاری كەلار لەم قۆناغەدا تەنها(4)گەرەك بووە،بەڵام لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەمدا بەشێكی زەویەكەی بۆ مەبەستی بازرگانی تەرخانكرا ڕووبەری بەكارهێنانی بازرگانی لەم قۆناغەدا گەیشتە(0.3كم$^2$)،لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەمدا ڕووبەری بەكارهێنانی بازرگانی زیادی كرد بەبەراورد بەقۆناغەكانی پێشووتر گەیشتە(0.13كم$^2$)، لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەمدا شاری كەلار بەتەواوی گەشەی سەند لە ڕووی بازرگانیەوە، بەبەراورد بەهەر سێ قۆناغەكەی پێشوو،چەندین مۆڵ و باڵەخانەی بازرگانی و بازاڕی هاوچەرخ دەركەوتن كاریكردە سەر جموو جۆڵی بازرگانی شارەكە،لە زۆربەی شەقامەكان و گەڕەكەكان دووكانی بازرگانی دەبینرێ كە پێشتر شاری كەلار بەخۆیەوە نەیبینیوو ڕووبەری شاری كەلار فراوانتر بوو گەیشتە(24كم$^2$) كە شاری كەلار پێشتر بەخۆیەوە نەیبینیبوو ڕووبەری بەكارهێنانی بازرگانی لەم قۆناغە گەیشتە(0،899كم$^2$).

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

وەزیفە،بازرگانی،شاری كەلار

***Corresponding Author***

## پێشـــەکی

لەدوای ساڵی(2003)،گۆڕانێكی ئابووری هاتە كایەوە لە هەرێمی كوردستان. شاری كەلار بەدەر نەبوو لەم گۆڕانە ئابووریە كە بووە هۆی ئەوەی شاری كەلار وەكو شارێكی بازرگانی دەربكەوێت. دەرگایەكی گەورە كرایەوە بەڕووی شاردا نەك تەنها لەڕووی ئابوورییەوە بەڵكو لەتەواوی بوارەكانی تردا گەشەسەندنێكی باشی بەخۆوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵكەوتەی جوگرافی ناوچەكە كەسەنتەرێكی گرنگە لەنێوان هەرێم و ناوەراست و باشووری عێراق. شاری كەلار ڕووبەرێكی فراوانی هەیە، لەبار و گونجاوە بۆ گەشەسەندنی زیاتر و ناوەندێكی ستراتیژی گرنگە بۆ بەستنەوەی هەرێمی كوردستان بەپارێزگای بەغداد و دیالە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە مەرزی پەرویزخانە كە بەشارۆچكەی قەسری شرینی ئێران دەبەسترێتەوە، ڕۆژانە هەزارەها تەن كەستەو بەرهەمی جۆراو جۆر لە وولاتی ئێرانەوە دەهێنرێتە دیوی عێراقەوە ،پاشان لە شاری كەلارەوە ڕەوانەی شارەكانی دیكەی كوردستان وعێراق دەكرێت.

## كێشەی توێژینەوە:

شتێكی ئاساییە هەموو توێژینەوەیەكی زانستی كێشەی دیاریكراوی هەبێت و توێژەر چارەسەری بۆ بكات. كێشەی توێژینەوەكە كۆمەڵێ پرسیار لەخۆ دەگرێ:-

1 - ئایا بازرگانی ڕۆڵی هەیە لە دروستكردنی پێشخستنی شار؟

2 - ئایا شێوازی بازرگانی لە شەقامەكانی ناوچەی توێژینەوە دەركەتووە؟

## گریمانەی توێژینەوە:

1 - بازرگانی گرنگی و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێشکەوتنی شاری کەلار بەپێی ئەو قۆناغانەی پێیداتێپەڕیوە.

2 - شەقامە بازرگانیەکانی ناوچەی توێژینەوە گۆڕانێکی گەورەیان بەخۆوە بینیوە لەڕووی بازرگانیەوە. وەکو بازاڕێکی گەورە وان، ڕۆلیان هەبووە لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1 - ئامانجی ئەم توێژینەوە ڕوونکردنەوە و پێشاندانی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە دووچاری وەزیفەی بازرگانی شارەکە هاتووە لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ساڵی (2020).

2 - زانینی ژمارەی دووکانە بازرگانیەکانە کە پەیوەندی هەیە بە جۆری کاڵاکانی.

3 - هەژمارکردنی ئەو هۆکارانەی کە بەشداریان کردووە لەپێشکەوتنی بازرگانی شارەکە.

4 - زانینی ڕادەی فراوانبوونی وەزیفە بازرگانیەکان لە شاری کەلار.

5 - زانینی ڕۆڵی بازرگانی لە گەشەکردنی شار.

6 - دەرکەوتنی چەندین بازاڕی نوێ و ، مۆڵ و، تەلاری بازرگانی لە شارەکە بەووردی ئاماژە پێکردنیان.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەك ئەنجامدەدرێ وا پێویست دەکات لەسەر ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێکی زانستی بڕوات بۆ مەبەستی سوود بەخشین بەبابەتی توێژینەوەکە بۆیە ئەم توێژینەوە بەپشت بەستن بەمیتۆدی(مێژووی و شیکاری ووەسفی)توانرا تیشك بخرێتە سەر مێژووی پەرەسەندنی وەزیفەی بازرگانی لەشاری کەلار،ڕێبازی شیکردنەوەش بۆ شیکردنەوەی ئەو داتاو زانیاریانەی کەوا توێژەر کۆیکردۆتەوە لە ئەنجامی گەڕان و سەردانی مەیدانی و چاوپێکەوتنەکانەوە کەپەیوەندیدارە بەباتەکەمان.

**هەنگاوەکانی توێژینەوە:**

1 - سەرچاوە تیۆرییەکان: توێژەر ڕێبازی زانستی بەکارهێناوە،بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیاری بابەتی ناوکتێب گۆڤارو نامەی ماستەرو تیزی دکتۆراو ڕۆژنامەکان.

2 - سەردانی مەیدانی: لەم توێژینەوەدا پشت بەستراوە بە گەڕان و سەردانی ناوچەی توێژینەوە لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان، تایبەت بە توێژینەوەکە.

3 –چاوپێکەوتنی کەسی: چەندین چاوپێکەوتنی کەسی کراوە لەگەڵ کەسانی خوێنەوارو پسپۆر بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست تایبەت بەناوچەی توێژینەوە.


**سنوری توێژینەوە**

**سنوری توێژینەوە دوو ڕەهەندی هەیە بریتییە لە:**

١- ڕەهەندی شوێنی: شاری کەلار دەگرێتەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی(34،39 -34، 36)پلەی باکوری گۆی زەویەوەو نێوان هێڵی درێژی(45،17-45،22)پلەی ڕۆژهەڵاتی زەویەوە.

٢- ڕەهەندی کاتی: ماوەی توێژینەوەکە دەگرێتە خۆی لە پێش ساڵی(1970)تا دەگاتە(2020)

**نەخشەی ژمارە(1) شوێنی شاری کەلار بە گوێرەی ئیدارەی گەرمیان و قەزای کەلارو هەرێمی کوردستان و عێراق**




کاری توێژەر پشت بەستن بە:

١- هاشم ساڵح حمد أمین وئەوانی تر،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان،چ3 ،کۆمپانیای تێنووس،هەولێر،2009، ل39.

٢- حوکمەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پیلاندانان،بەڕیوبەرایەتی ئاماری سلێمانی،نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی،بەشی (gis)،2012.

**تەوەری یەکــەم/ گۆڕانکاری لە وەزیفەی بازرگانی شــاری کەلار بە گوێرەی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان:**

**قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم کەلار لەسەرەتای دروست بوونی تا ساڵی(1970):**

ئەوەی ڕوونە لەمێژووی کۆندا هەرگوند و شارێك لەسەرەتای دروستبوونی بەهۆکارێکەوە دروستکراوە، یان بەهۆی لەوەرگەوە یان بەهۆی سەرچاوەی ئاوەوە یان بەهۆی کۆچەرییەوە خەڵك لێی کۆبووەتەوە لەسەرچاوەکاندا باس لەوە دەکرێت لە ساڵانی(1960) جارێکی تر ئەم گوندە ئاوەدانی ڕووی تێکردوە، کەواتــە کەلار پێشتر ئاوەدانی تێدا هەبووە([1])،سەرەتا وەکو گوندێکی کشتوکاڵی و، ئاژەڵداری لەسەرخۆ ئاوەدانکراوەتەوە بەتایبەت دەشتی کەلار، کە پێشتر بە دەشتی شێروانە ناسراوە، مێژوویەکی دێرینی هەیە. گردی شێروانە دەشتایەکە و دەوروبەری دەشتی شێروانە ناسراوە.

ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوگردە و پاشان قەڵایەك لەسەر ئەو تەپۆلکەیە دروستکراوە ناوی شیروانە بووە. قەڵای شێروانە پێگەی سەربازی سەردەمی ئەشکانـــــی و ســــــاســـــانیەکـــان بووە([2])، تا ساڵــــی پەنجاکانیـــش تەنها گوندێکی بچووك بوو. ژمارەیان دەگەیشتە(200)خێزان، گواستنەوە زیاتر ئاژەڵ و گالیسکە بووە. ڕێگاوبان سەرەتایی بووە خۆڵ و سەخت بووە([3])، ڕێگای گشتی نێوان(جەلەولا- قەڵای شێروانە- دەربەندی خان)،جادەیەکی خۆڵ بووە لە ساڵی(1952) دروستکراوە. بە جیبەجێکردنی پرۆژەی چاککردن و قیرتاوکردنی ئەو ڕێگا گرنگەی کە(بەغدا و گەرمیان)ی دەبەست بەسلێمانیەوە([4]). بێگومان بوونی ڕیگاوبان و گواستنەوە فاکتەرێکی سەرەکییە لە جوگرافیای شار و بایەخێکی گەورەی هەیە لە جوڵەی بازرگانی و هاتووچۆکردنی خەڵك پەیوەندی نیوان شار و دەوروبەری دەبێتە هۆی کۆبوونەوی دانیشتوان و چڕبوونەوەی قەرەباڵغی و دروستکردنی خانوو بینا و بازاڕ([5]). شاری کەلار جێگایەکی گرنگی ستراتیژی بازرگانی بووە. گەورەترین مەڵبەندی شارستانییەتی گەرمیانە، ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی درەکی نەبوو، بەڵام لە بازرگانی ناوخۆدا بەتایبەت بەستنەوەی شاری (کفری،بغداد،سلێمانی،خانەقین)،ڕۆڵی هەبووە. بۆمان دەردەکەوێت کەلار لە سەرەتای دروستبوونیەوە کاروانسەرایەکی بازرگانی ناوچەکانی دەوروبەربوو. لە سەرەتای پەنجاکانی ڕابردوو جوتیارانی کۆنی شاری کەلار بەرهەمەکانیان بریتی بووە لە(گەنم ،جۆ،نۆك)،پەنایان بردۆتەبەر قەزای کفری بۆساغ کردنەوەی بەرهەمەکانیان بۆ مەبەستی بازرگانیکردن دواتر پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆیانیان کڕیوە([6]).

## قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم ساڵی(1971- 1991):

دوای ئەوەی کەلار بە مەرسومێکی کۆماری لەساڵی(1970)کرابەقەزا([7])،دوای ئەم بڕیارە ووردە ووردە بوو بە ناوەندی ڕاکێشانی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر. تادەهات ژمارەی دانیشتوانەکەی گەشەی کرد. رووبەرەکەی فراوانبوەوە. ئەویش بەدروستکردنی خـــانوو و، بینـــای تازە. کـــە لە مێــژووی کـــەلاردا شتێــکی نـــوێ بوو([8]). گۆرانکاری گەورە ڕوویدا ، چ لەرووی دانیشتوان و چ لە ڕووی بەکارهینانی زەوی بۆ نیشتەجێبوون، گۆڕانکاری لەوەزیفەی شارەکە بە حوکمی هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لەنێوان دووشاری کۆندا بوو وەکو(خانەقین و کفری)،ئەمەش دەوری هەبوو لەفراوانکردنی گەشەکردنی باری ئابووری شارەکە([9]). لەم قۆناغەدا گۆڕانی گەورە بەسەر شارەکەهات لە ڕووی ڕووبەرەوە. (حوکمەتی بەعسی لەناوچوو) سیاسەتی ڕاگواستنی بەکاردەهێنا لە ناوچە کوردنیشینەکان و لە شاری کەلار نیشتەجێکران. لەم قۆناغەدا ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتە(9)گەڕەك بە ناوی(شێروانە،گازینۆ،سیروان،بەردەسوور،فەرمانبەران،شۆڕش،بنگرد،کەلاری کۆن،حەمەی کەریم)([10]). بازرگانی فاکتەرێکی گرنگە بۆ کێشکردنی دانیشتوان بۆ نێوەندی شارەکان. بێگومان هەموو شارێك پێویستی بەکۆمەڵێك وەزیفە هەیە بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەیان دەستەبەربێت. کەلاریش یەکێك بووە لەو شارانەی هەر لە سەرتای دروستبوونیەوە کۆمەڵێك وەزیفەی تێداهەبووە. لەساڵی(1970)دەکـرێت بەقــەزا و، وەکــو شارێك ، خەڵك ڕووی تێدەکا. تادێت فروانتر و گەورەتر دەبێ. لە سەرەتای ساڵی هەشتاکانەوە کۆمەڵێ وەزیفە دێتە نــاو ئــەم شارەوە.بەڵام،زیفەکانیان سادەو ساکاربوو وەکو(نانەوا، کۆنەفرۆش، جۆڵا، بەقاڵ ،بەرگدوور، چایچی، تەسجیلات، تووتنچی، کەوشدوور ،کوتاڵفرۆش، ئاسنگەری )، بەرگدوورین یەکێك بوو لە وەزیفە کۆنەکانی شار. یەکەم بەرگدوور لەم شارە لەساڵی(1975)ناوی(واحید کەریم فەتاح أسماعیل، بووە. جل و بەرگی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی جلی کوردی بوو. ئەوکات دانیشتوان گرنگیان بەجلی ناوخۆی داوە. ئاسنگەریش لەشارەکە ڕۆڵی هەبوو.یەکەم کەس ئاسنگەری دانا ناوی(جلال حداد)بووە. ئەوکەرەستانەی کە دروستی دەکرد، وەکو(دەرگاو پەنجەرە)،کە بەکار دەهات لە خانوو بینادا. لەم قۆناغەدا دروستکردنی خانوو دەستی پێکرد و داواکاری لەسەر ئەو کەرەستانە زیاتربوو. (دارتاشین) ، یەکێك بووە لە پیشە سەرەکیەکان. لەم قۆناغەدا پیشەکەیان سادەوساکاربووە. ئەو کەرەستانەی کە دروستیان دەکرد وەکو( کلکە بێل و ، شەن و، بێشکە و، ڕەوڕەوە و ، داس و چەکوش )،لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان کاری دارتاشەکان پەرەی سەند. بەهۆی زیادبوونی خواستی بەکاربەر، بۆ بەرهەمی دارتاشەکان، چونکە خەڵکی شارەکە پێویستیان پێی هەبوو. (هەلاجی)، ڕۆڵی هەبوو لە ناوچەی توێژینەوە. یەکەم هەلاج، ناوی(عەزەدین فارس)بوو. لەساڵی(1977) لەبواری پیشەگەریدا دەست ڕەنگین بوو. بەنیان بەکاردەهێنا بۆ دروستکردنی(قاڵی،بەرماڵ،فەرەنجی،کەڕەك،کوڵەباڵ). بوونی ئەم ژمارە زۆرەی جۆرەکانی پیشەگەریی مانای بوونی چالاکی ئابووری و، ژمارەیەکی زۆری لە بەکاربەرانی بەرهەمە پیشەگەریەکان دەگەیەنێت هۆکارێك بوو بۆ گەرمبوونی بازرگانی شارەکە. پیشەگەریی تایبەتمەندی خۆی هەبوو. لە شارەکە لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی کەم ، ئاش هەبوون بریتی بوو لە ئاشەکانی(داود بەگی جاف و ئەوڕەحمان لەك). کاریان دانەوێڵە هاڕین بوو. ئاشی مەکینە بەکارهێنانی ئاسانترو خاوێن تربوو.([11])،بازرگانی یەکێکە لە بەکارهێنە سەرەکیەکانی پەرەسەندنی شار. هەرشتێك ببێتە قازانجی مادیەوە دەچیتە

چوارچێوەی بازرگانیەوە. بەکارهینانی بازرگانی بەستراوەتەوە بەخواستی خەڵکەوە، هەتاوەکو ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت ، داواکاری خەڵك لەسەر پێداویستیەکان زیاتر ئەبێت. لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان بازاڕی شارەکە گەشەی کرد فراوانتر بوو. ژمارەی دووکانەکان گەیشتە(150)دووکان. ئەو شتانەی کە دەفرۆشرا بریتی بوو لە(ووشکە،میوە جلی ژنان،سەرتاشخانە....هتد)،سەرجەم دووکانەکان بەبلۆك دروستکرا([12])،ڕووبەری بەکارهینانی بازرگانی لەم قۆناغە گەیشتە(0.3کم²)([13])،شاری کەلار لەسەرەتای بەقەزابوونیەوە جۆرێك لەپیشەسازی تێدا ئەنجامدراو گەشەکردنی بەخۆوە بینی. هۆکاری گەشەکردنی دانیشتوان زۆری خواست لەسەر کاڵاکان و، باش بوونی دۆخی دارایی خەڵکەکەیەتی، لەگەڵ دەوروبەری شاری کەلار بووتە ناوەندێکی گرنگ بۆ ناوچەکانی دەوروبەریش. شاری کەلار هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە کارگەی بلۆکی تێدا هەبووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاوی سیروان([14])

## قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم ساڵی (1992- 2002):

لەم قۆناغەدا دەستپێکی یەکەم ، حوکمەتی پەرلەمان دانپێنراو بوو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. دەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی جیاجیا بۆ خزمەتگوزاری، خەڵکەکە ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کرد.کەلاریش بەدەر نەبوو لەم خزمەتگوزارییە داراییە مرۆیانە. لەم ماوەیەدا عێراق لە ژێر کاریگەری گەمارۆیەکی ئابووری خنکێنەری نیودەوڵەتیدا و، کوردستانیش لە لە ژێر گەمارۆی هەردوولایان بوو. شاری کەلاریش بەدەرنەبوو لەم کاریگەرە نەگەتیڤەکانی تاوەکو ساڵی نەوەدەکان. سەرەتای ساڵی(2000) لەم ماوەیە سەدان پارچەخانوو و ، زەوی بەسەرکەس وکاری شەهیداندا دابەشکرا، کە گەڕەکی شەهیدانی لێکەوتەوە. بووە سەرەتایەکی نۆێ لە گەشەی زەوی و خانووبەرە لەشاری کەلار([15]). لەم قۆناغەدا کەرتی پیشەسازی لە شاری کەلار گەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی. بەهۆی خواستی زیاتر لەسەرشمەك و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و، باش بوونی دارای خەڵك بەتایبەتی دوای ساڵی(1997) تاوەکو(2002). چونکە لەدوای ئەو مێژووەوە تاوەکو ڕادەیەکی زۆر گڕوتینی گەمارۆی ئابووری سەر عێراق و هەرێمی کوردستان نەما و، کرانەوەویەکی باش لەگەڵ دراوسێکاندا کرایەوە. بەتایبەت ئێران و تورکیا کە لەهەردوو مەرزی (ئیبراهیم خلیل وباشماخ وپەروێزخان)،کەرەستەی جۆراو جۆر دەهاتە کوردستانەوە. ژمارەی (دارتاش و نانەوا و صەموونخانەکان)زیادی کرد. لەم قۆناغەدا کارگەی بەفر دروستکرا، کارگەی شرینی لەناوبازار دامەزرا. کە جۆرەها شرینی دروست دەکەن([16]). پیشەسازی بەفاکتەرێکی ئابووری دادەنرێت و کاردەکاتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی تاکەکان([17])،لەم قۆناغەدا کەرتی بازرگانی گۆڕانی بەسەرداهات بە بەراورد بە قۆناغەکانی پێشوو ژمارەی دووکانەکان زیادی کرد، چونکە ناوچەی توێژینەوە ژمارەی دانیشتوانی زیادی کرد. ئەمەش وایکرد داواکاری لەسەر پێداویستیەکان زیاتر بێت. ئەم شتانەی لەم ناوچەیە دەفرۆشرا بریتی بوو لە (خواردەمەنی و جلوبەرگ ومۆبێلیات....هتد). زۆربەی دووکانە بازرگانیەکان کەوتبوە ناو سەنتەری شارەکە و گەڕەکی(بنگردو فەرمانبەران). بازرگانی شار لەم قۆناغەدا بەهەردوو گەڕەکی(فەرمانبەران و بنگرد)ڕۆیشتبوو یەکێکی تر لەو هۆکارانەی بووە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی شارەکە، کەوتبوە سەر ڕێگە سەرەکیەکانی(سلێمانی و بەغداد و بەعقوبە). وەکو سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی ، پردێکی زەمینی گواستنەوە وایە لەنێوان ئەوسێ شارەدا. ئەم ڕێگە بازرگانیە ڕۆڵی هەبوو لەگەشەکردنی بازرگانی شارەکە توانی ئاقارێکی بواری بازرگانی دروست بکات. پیشەوەرانی شاری کەلار جێگەیەکی تایبەتی خۆیان لە بازاڕدا هەبوو. ڕۆژانە چەندەها کەس سەردانیان کردووە ، کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەسەندنی بازرگانی شارەکە([18]). ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری بازرگانی لەم قۆناغەدا زیادی کرد بە بەراورد بەقۆناغی پێشوو گەیشتە(0.13کم²)([19]).

## قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم ساڵی(2003-2020):

بەگرنگترین قۆناغی مۆرفۆلۆجی شار دادەنرێت. لەم قۆناغەدا فراوانبونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی ڕووبەری شاری کەلار فراوانتربوو. بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی بازرگانی زیادی کردو و بەهۆی باش بوونی باری ئابووری خەڵك ، زۆربەی خانووەکان بەشیوازێکی مۆدێرن دروستکرا. لەم قۆناغەدا حەوشەی ماڵەکان بچوك بوونەوە و ژمارەی ژوورەکان زیاتربوو. شەقامەکان بەشێوازێکی ڕێك و پێك دروستکران. زۆرینەیان بازرگانین. دەیان دووکانی بازرگانی کەوتۆتە سەر ئەم شەقامانە و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی دانیشتوان. زۆرینەی گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون، نهۆمی یەکەمی کراوە بە دووکانی بازرگانی نهۆمی دووەمی کراوە بەنیشتەجێبوون. چەندین باڵەخانەی بازرگانی لەناوسەنتەری شاری کەلار بەدی دەکرێت، بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارهێنراون و ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەگەشەکردنی بازرگانی شارەکە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی بارودۆخی ئابووری گۆڕانی گەورەی بەسەر ژیانی خەڵك هێنا ، چەندین سۆپەرمارکێت و مۆڵ لەشارەکە دەرکەوتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر جوڵەی بازاڕ داناوە. پێداویستیە سەرەکیەکانی دانیشتوان دابین دەکەن([20])،بازرگانی ئەڵقەی بەیەکگەیشتنی بەرهەهێنەر و بەکاربەرە. چەند بازرگانی گەشەبکات کەلوپەلی خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی

ئاسانتر دەگاتە دەستی بەکاربەر([21]). بازرگانی ڕۆڵی گرنگی لە هەموو وڵاتانی جیهان هەیە. یەکێکە لە کەرتە ئابوورییە گرنگەکان. بە هەزاران پیشەی بازرگانی لە کوردستان دامەزراون شاری کەلاریش لەسەرەتای دروستبونیەوە جموجۆڵی بازرگانی تێدا هەبووە، دۆخی ئابووری دانیشتوانەکەی باش بووە و زۆریان خاوەن سەرمایە بوون چالاك بوون لەکارکردندا لەگەڵ زۆرێك لەشارەکان پەیوەندی بازرگانیان هەبووە. شارێکە نزیکە لە ئێرانەوە ، هەمیشە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەم شارە لەڕووی بازرگانیەوە لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکان شوێنی ساغ کردنەوەی کاڵای ئێرانی بوون. دابەشکردنی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق لێرەشەوە بەقاچاغ بردنی شتوومەك بۆ ئێران کۆکردنەوەی شتە دەگمەنەکان لەکاتی قەیراندا. بۆ نموونە تایەی ئۆتۆمبێل لەکارگەکانی پارێزگای دیوانیە بوو بەڵام لەکاتی قەیراندا لەکەلار دەست دەکەوت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکیکی زۆر لەم بوارە کاریان دەکرد([22]). دەتوانین ئەم قۆناغە ناوبنێین گەشەکردنی خێرای دانیشتوان لەساڵی(2020)،ژمارەی ژمارەی دانیشتوانی شاری کەلار گەیشتە(154887)([23])،هۆکاری ئەم گەشەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ:

1 - کۆچی هاوڵاتیان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بەهۆی بەریەککەوتنی نەتەوەیی و مەزهەبیەوە.

2 - گەڕانەوەی ئەو کوردانەی نیشتەجێی ناوەڕاست و باشوری عێراق بەهۆی فشاری عەرەبی شۆڤێنی ئیسلامە توندڕەوەکانەوە.

3 - پێدانی قەرز و پێشینەی خانووبەرە بەهاوڵاتیان لە لایەن حوکمەتی هەرێمەوە([24]).

دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین لەم قۆناغە مۆرفۆلۆجیەدا ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری بازرگانی زۆر زیادی کردووە بەبەراورد بەقۆناغەکانی پێشووتر گەیشتە(0.899کم$^2$)([25]). ژمارەی دووکانە بازرگانیەکانی گەیشتە(7893)دوکانی جۆراو جۆر بڕوانە لەخشتەی ژمارە(1).

خشتەی ژمارە(1)

ژمارەو جۆری دووکانە بازرگانیەکانی شاری کەلار لەساڵی(2020)

| ژ | جۆری فرۆشتنی دامەزراوە دووکانە بازرگانیەکان | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراوە بازرگانیەکانی کەل وپەلی خۆراک(چێشتخانە،ساردەمەنی،خواردنەوە کحولیەکان،خواردنگە،نانەوا،مارکێت) | ١٢٩٥ | 16.40 |
| ٢ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی(مۆبێلیات،تەلەفزۆێن ،ئامێرەکانی ساردکردنەوەوگەرمکرنەوە،نایلۆن،شووشەوات،دیکۆرات) | ٥٤٢ | 6.86 |
| ٣ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی فرۆشتنی(جلوبەرگ،کوتاڵ،بەرگدوور،جوانکاری ئافرەتان،قوماش،پێڵاو) | ١٥٢٥ | 19.32 |
| ٤ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی فرۆشتنی بەرهوومی کشتوکاڵی وئاژەڵی(سەوزەو میوە،کەل وپەلی کشتوکاڵی،مریشک،گۆشت،ماسی) | ٨٢٥ | 10.45 |
| ٥ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی فرۆشتنی کەل وپەلی خانووبەرە(کاشی،کلیلساز،ئیزۆگام،چیمەنتۆ،دەرگاو پەنجەرە،تانکی) | ٣٧٤ | 4.73 |
| ٦ | دامەزراوە بازرگانیەکانی(نەوت ،بەنزین،شووشتن،چەورکردن،) | ٢٨ | 0.35 |
| ٧ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی نووسینگەکانی(نووسینگەی پارێزەران،ئەندازیاران،دراو،حەواڵەکردنی دراو،نووسینگەی کشتوکاڵی،گەشتیاری،ڕادیۆ، پەڕاوگەوفۆتۆکۆپی،تاقیگە،عەیادەی پزیشکی) | ٧٠٤ | 8.91 |
| ٨ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی(سەرتاش،تۆمارگە،ئارایشتگاوبەدلەی بوک،وێنەگر،چایخانە،نێرگەلە،ئوتێل) | ٣٦٤ | 4.61 |
| ٩ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی(هۆڵی لەشجوانی،گوڵ فرۆش،خۆشنووس،فلێکس،کلێنکس،یاری منداڵان،فرۆشتنی کامێرای چاودێری،دروستکردنی تاقەشەمسییە،دابەشکردنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت،چادروکورسی،ئاش،کەل وپەلی ماسی گرتن،کتێبخانە هەلاج،فلتەری ئاو،کۆنەفرۆش،باڵندەفرۆش،یاریگا،مەلەوانگە، پێداویستیەکانی فەرمانگەکان،هۆڵی یاری منداڵان،فەرش شۆر،جەمەلۆن،نەخشەبەلیزەر،بەراد،کۆنکرێت سەهۆڵ) | ٤٦٠ | 5.82 |
| ١٠ | دامەزراو بازرگانیەکانی دووکانی فرۆشتنی(ئاسنگەری،تەنەکەچی،ئاسن فرۆش،وەرشە) | ٢٢٦ | 2.86 |
| ١١ | دامەزراوە بازرگانیەکانی فرۆشتنی(ئۆتۆمبێل وپێداویستیەکانی ئۆتۆمبێل) | ٤٩٧ | 6.29 |
| ١٢ | دامەزراوە بازرگانیەکانی دووکانی فرۆشتن (ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان) | ٢٨٢ | 3.57 |
| ١٣ | دیوان مۆڵ | ٢١ | 0.26 |
| ١٤ | دووکانی چۆڵ | ٧٥٠ | 9.50 |
| ١٥ | تێکڕا | ٧٨٩٣ | 100 |

سەرچاوە:1- کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2022/1/2 بۆ 2022/6/29.

2 - سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار بەشی زەوی وزارو،بەشی گرێبەستەکان.2022.

## تەوەری دووەم/پێکهاتەی بازرگانی لە شاری کەلار:

وەزیفەی بازرگانی گرنگترین ئەو وەزیفانەیە کەشار پێشکەشی دەکات بەدانیشتوان و ئەو خەڵکەی لەدەرەوەی سنوورەکانی نیشتەجێن. دابەشکردنی کاڵا خزمەتگوزارییەکان ئەوەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە بەرەهەندی سێیەم دادەنرێت بۆ پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن، چەند هۆکارێك هەیە کاردەکاتە سەر دابەشکردنی ناوچەی بازرگانی لە ڕووی شوێنەوە لە ناوچە جیاوازەکانی شاردا، کە پەیوەستە بەئاسانی گەیشتن داب و نەریتی خەڵك لە بازاڕکردن و سروشتی ئەو کاڵایانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و خەڵك پێویستیان پێیەتی[26]

## لێرەدا پێویستە باس لەبەکارهێنانی زەوی بۆ باری بازرگانی بکەین لەناوەوەی شار:

### یەکەم: بەکارهێنانی زەوی بۆ بواری لە شاردا:

ئەمڕۆ خەیاڵ دەکرێ شار بریتی بێت لە بازاڕێکی گەورە، خەڵکی لەسەر بنەمای ئەوە مامەڵە دەکەن تەنانەت ئەمڕۆ زۆربەی ماستەر پیلانی شارەکان لەسەر بنەمای کاڵا و بازرگانیەکان و، نرخەکانیان وێنە دەکێشرێن. تەنها خەمیان شوێنە بازرگانیەکانە، یان نزیکیان لە شوێنە بازرگانیەکان. بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج بکەن ئەوانەی دەیانەوێ پارچە

زەویەك بكڕن هەمیشە پرسیاری شوێنەكە دەكەن ئایا ڕوكنە یان دەكەوێتە سەر شەقامی بازرگانی([27]).

**دووەم: شێوازی بە كارهێنانی بازرگانی لەناوخۆی شاردا:**

دەزگاكانی بەكارهێنانی بازرگانی كە لەشار بەدی دەكرێت ئەو كەل وپەلانەی تێدا دەفرۆشرێت یان لەرووی ژمارەی ئەو كریارانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەكەن یان لەڕووی فرۆشتنی تاك و كۆوە جیاوازن، بۆیە توێژەران هەوڵیان داوە بنەمایەك دابنێن بۆ پۆلێنكردنی دامودەزگا بازرگانیەكان(بریان)و توێژەرانی تر دام و دەزگاكانیان دابەشكرد بۆ ئەم جۆرانەی لای خوارەوە:-

1 - ئەو دەزگایانەی كریارێكی زۆر ڕووی تیدەكەن(پلە یەكن)بریتیە لەو شوێنانەی كە میوە و دانەوێڵە و گۆشت و ماسی تێدا دەفرۆشرێ.

2 - ئەودەزگایانەی كە كریار بەشێوەیەكی ڕێك و پێك سەردانیان دەكەن(پلەدوون) ئەو شوێن و دووكانانەن جل وبەرگی تازە،دەرمانخانە،ئوتووكردن پینەچی سەرتاش لەخۆیان دەگرن.

-3 شوێن و دووكانەكانی(پلەی سێیەم) وەكو بەرگدوور،كتێبخانە،فیتەری،كەرەستەی كارەبایی.

4 - دوكانی جوانكاری(پلەی چوارەم)وەكو دووكانی فرۆشتنی مۆبایل، كەرەستەی جوانكاری، زەڕەنگەرەكان، زیو)([28]).

بەكارهێنانی بازرگانی و شێوەكانی توێژەران باسیان لێوە كردوە لەخوارەوە دەتوانین ئاماژەیان پێبكەین:-

توێژینەوەی(بریت فۆرت) لەساڵی(1937)ئەنجامی دا، هەڵسا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر شاری(فیلادینفیا)توانی ناوچەی بازرگانی فرۆشتنی تاك پۆلێن بكات بەم شێوەی لای خوارەوە.

1 - ناوچەی سەنتەری بازرگانی.

2 – ڕێگا سەرەكیەكانی بازرگانی.

3 - شەقامە بازرگانیە گەڕەكیەكانی نیشتەجێبوون.


4 - كۆبوونەوەی كۆگا دوور لەیەكەكان([29]).

**سێیەم/ ناوچەی سەنتەری بازرگانی(C.B.D):**

ناوچەی سەنتەری بازرگانی دڵی شارە و دەتوانین بەئاسانی پێی بگەین مەڵبەندی سەرەكی یەكەمە بۆشارەكە. چەقی كاركردنی ناوخۆو بەیەكگەیشتنی كارە بازرگانیەكانە. دام و دەزگاكانی هەمیشە چرو قەرەباڵغ وپڕ وزەن ، ئەمەش هاندەرە بۆ دروستكردنی باڵەخانەی بەرز بۆمەبەستی جیاواز([30])،ئەگەرسەرنج بدەینە ناوچەی سەنتەری بازرگانی شاری كەلار بە(شەقامی شەهید حەمەی شاسوار كشاوە)،بەرە و ئاراستەی ڕۆژئاوا بڵاوبووەتەوە بەهەردوو گەڕەكی (فەرمانبەران و بنگرد)،ڕۆیشتوە. سەنتەری بازرگانی شێوەیەكی درێژكۆڵەی وەرگرتووە. چەندین باڵەخانەی بازرگانی تێدایە. بەشێوازێكی مۆدێرن و پێشكەوتوو دروستكراوە، وەكو بازاڕێكی گەورەوان، ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لەپڕكردنەوەی پێداویستییەكانی دانیشتوان. كۆی گشتی ژمارەی دوكانە بازرگانیەكانی ناوچەی سەنتەری بازرگانی دەگاتە(4294)دوكان. زۆرینەیان تاك فرۆشین زۆر بەكەمی دووكانی كۆفرۆشی تێدایە ناوچەی سەنتەری بازرگانی ڕۆژلەدوای ڕۆژ گەورەتر و فراوانتر دەبێ ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەگەشەكردنی بازرگانی شاری كەلار. هۆكاری ئەم گەشەكردنەش دەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی ئابووری خەڵك ، زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و ئایندەیەكی باشی لێ چاوەڕوان دەكرێت([31]). ڕووبەری سەنتەری بازرگانی دەگاتە(0.3كم$^2$)([32])،نرخی زەوی و كرێ لەناوچەی سەنتەری بازرگانی بەرزترینن. نرخی زەوی لەناوچەی سەنتەری بازرگانی(1م$^2$)دەگاتە(10)ملیۆن تێكرای نرخی كرێی ی دەگاتە(1ملیۆن بۆ 2ملیۆن نیو). ئەو شەقامە بازرگانیانەی كەوتونەتە ناوچەی سەنتەری بازرگانی نرخ و كرێی بەرزترینە. بۆنمونە شەقامی پزیشكان نرخی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتە(11)ملیۆن تێكرای كرێی دەگاتە(1ملیۆن بۆ 2ملیۆن ونیو)([33])

نەخشەی ژمارە ( 2 )

ناوچەی سەنتەری بازرگانی شاری كەلار ( 2020 )




سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەستن بە ( ARC GIS 10.8.1).

**ئەو پێوەرانەی هۆكارن بۆ دیاریكردنی ناوچەی بازرگانی سەنتەر:-**

**1 - كرێ/** لەسەر هەمان بنەمای ئابووری و كە كاردەكاتە سەر نرخی زەوی و لەم ناوچەیە بۆیە كرێی ئەم ناوچەیە دەگاتە بەرزترین نرخ بەبەراورد بەناوچەكانی تری شارەكە. ئەمەش بەگرانترین نرخ دادەنرێت،كرێ لەناوچەی سەنتەری بازرگانی گرانە، تابەرەو دەوروبەر بڕۆین نرخی كرێ كەمدەبێتەوە([34]). ئەگەر سەرنج بدەینە شاری كەلار كرێی مانگانە لە ناوسەنتەری بازرگانی دەگاتە(1ملیۆن بۆ 2ملیۆن ونیو). بەڵام ئەو شەقامانەی دوورن لەناوچەی سەنتەری بازرگانی كرێیان كەمترە دەگاتە(200بۆ300)هەزار دینار([35]).

**2- ژمارەی شوێنە بازرگانیەكان/** فرۆشیاری تاك بەشێوەیەكی زۆر لەناوچەی بازرگانی سەنتەری چڕبووەتەوە. بۆیە دووكانە

بازرگانیەکانی تاك لەم ناوچەیە لەکۆی(70%)دووکانەکانی تەواوی شار پێکدێنێت([36]).

**3- نرخی زەوی/** لەسەنتەری چەقی ناوچە بازرگانیەکان بەگرانترین شوێن دادەنرێت. لەهەموو شاردا گرانترین نرخی هەیە بەبەراورد بەناوچە بازرگانیەکانی تری شار، لەبەر ئاسانی گەیشتن و هاتووچۆی هەمووکڕیارانی بازاڕ یەکتربڕینی شەقامەکان لەسەنتەری بازرگانی و زۆرترین پەیوەندی پێوەدەکرێت لەگەڵ کڕیاراندا بەئاسانی دەگەن، بەوەش زۆرترین قازانج دەکات لەفرۆشتنەکانی([37])،ئەگەر سەرنج بدەینە شاری کەلار ناوچەی سەنتەری بازرگانی بەگرانترین شوێن دادەنرێت. نرخی زەوی بەرزترینە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ شوێنەکانی تردا لەساڵی(2020) زەویەکی چوارسەد مەتری لەناوچەی سەنتەری بازرگانی بە(270)دەفتەر فرۆشراوە واتا(1م$^2$) بە(10)ملیۆن فرۆشراوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخی زەوی لەناوسەنتەری بازرگانی بەرزبوونەوە بەخۆوە دەبینێت، بە بەراورد بەشارەکانی تری هەرێمی کوردستان و تەنانەت عێراقیش([38]).

**4- بەرزی بیناکان/** بیناکانی ناوچەی بازرگانی سەنتەر بەرزترین بینان لە شاردا زۆربەی ناوچەکانی چەقی کار لەشارەکاندا زۆر بەچڕ و پڕی سودی لێوەر دەگیرێ. مەرج نیە هەموو بیناکان بۆ کاری بازرگانی بەکاربهێنرێت بەڵکو بینای بەرزی واهەیە یان بۆ نیشتەجێبوون یان خزمەتگوزاری سوودی لێدەبینرێ،بیناکان بۆ ئاسمان دیاردەیەکە زاڵ بووە بەسەر شارەکانی جیهاندا لەبەر گرانی نرخی زەوی وکرێ وەبەرهێنەران هەوڵ دەدەن بەرزترین بیناکانیان قەرەبوو بکەنەوە. بۆیە زۆرترین بینا لەناوچەی بازرگانی سەنتەریدایە([39]). ئەگەر سەرنج بدەینە شاری کەلار چەندین بینای بازرگانی لە ناو سەنتەری بازرگانیدایە زیاترن لەدوونهۆم بازرگانیەکی فراوانی تێدا بەدی دەکرێت، وەکو تەلاری(هاوچەرخ،تەلاری ئەفراسیاو،تەلاری زانکۆ،تەلاری شێخ جەعفەر،تەلاری نەورۆز،تەلاری محموود،تەلاری پاریس، تەلاری گۆیژە، تەلاری وواڵات، تەلاری ئالان، تەلاری ژیار، تەلاری حسێن، تەلاری حەمەی ئایش، تەلاری چینا....هتد)،ئەم بینا بازرگانیانە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە جمووجوڵی بازرگانی ناوچەی توێژینەوە وەکو بازاڕێکی گەورەوان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لەپڕکردنەوەی پ

**5- ڕێگاکانی گواستنەوە**

ئەگە هۆکاری جوڵە و گواستنەوە نەبێت بەهیچ جۆرێك تەواوکاری دروست نابێت لە نێوان بەکارهێنە جیاوازەکانی زەوی لە نێوان شار و دەوروبەریدا لەناوچەی سەنتەری بازرگانی جمووجۆلێکی چڕوپڕهەیە([41])، وێستگەی وەستانی ئۆتۆمبێلی گشتی و تایبەتی لەدەوری ناوچەی بازرگانی مەرکەزیدایە دروستکراون وێستگەکانی وەستانی ئۆتۆمبێل هۆیەکانی گواستنەوە ، هەموویان لە ناوچەی بازرگانی سەنتەریدا دەبن. ڕۆژانە سەدان هەزار کەس لەڕێگەی هۆیەکانی گواستنەوە دەچنە سەر کارەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان. هیچ شوێنێکی تری شار هێندەی ناوچەی بازرگانی سەنتەری بەدەست ئەو ژمارە زۆرەی ڕێبواران ناناڵێنێ([42]).

خشتەی ژمارە ( 2 )

جوڵەی هاتووچۆ لەشەقامی شەهید حەمەی شاسوار ناو بازاڕی شاری کەلار لە ساڵی ٢٠٢٠

| ناوی شەقام | سەردانی بەیانیان | | کۆ | سەردانی نیوەڕوان | | کۆ | سەردانی ئێواران | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هاتنە ناوەوە | دەرچوون | | هاتنە ناوەوە | دەرچوون | | هاتنە ناوەوە | دەرچوون | |
| شەهید حمەی شاسوار | ٣٣٠١ | ٢٥٤٥ | ٥٨٤٦ | ٢٢٤٦ | ١٩٨٧ | ٤٢٣٣ | ٢٤٦٦ | ٢٠٣٢ | ٤٤٩٨ |

سەرچاوە:کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری2022/2/3،ڕۆژی پێنج شەمە.

**شەقامە بازرگانیەکان(الشوارع التجارية):**

لە ناوچەی توێژینەوە، (15)شەقامی بازرگانی تێدایە. بایەخێکی گەورەی ئابووری هەیە. سەرجەمیان دووکان وسۆپەرمارکێتی گەورەی تێدا دەبینرێ و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لەپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوچەی توێژینەوە. لەخوارەوە دەتوانین ئاماژەیان پێبکەین:-


**شەقامە بازرگانییە سەرەکییەکان (الشوارع التجارية الرئيسة)**

**یەکەم/ شەقامی شەهید حەمەڕەش:** ئەم شەقامە بە یەکێك لە شەقامە سەرەکییە بازرگانیەکان دادەنرێت. لە ناوچەی توێژینەوە درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(3636م). بەتێکڕای ڕێژەی(11.45%) بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. کۆی گشتی ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(441)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی لەم شەقامە بۆ(1م$^2$)دەگاتە(2ملیۆن). کرێی مانگانەی هەردووکانداریك دەگاتە(1ملیۆن)([43]). ئەم شەقامە لەفلکەی گەردەگۆزینە دەست پێدەکات بەناوسەنتەری شاردا تێپەڕدەبێ ، درێژ دەبێتەوە تاوەکو گەرەکی بەردەسوور. هەندێ دام و دەزگای حوکمی کەوتۆتە سەر جوڵەی هاتووچۆی زۆر لەسەرە.

**دووەم/ شەقامی بازرگانی(کەلار-ڕزگاری):** ئەم شەقامە مێژووی دروستبوونی زۆرکۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو([44]). درێژی ئەم شەقامە دەکاتە(5707م).بەتێکڕای ڕێژەی(17.98%)بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. کۆی گشتی

دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(41)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن و دووسەدهەزار)([45]). شەقامێکی زۆر قەرەباڵغە و هاتووچۆی زۆری لەسەرە، ئەم شەقامە دەستپێدەکان لە چوار ڕیانی شێروانەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو ئاراستەی باکوری خۆرئاوا تاوەکو دەگاتە کەلاری نوێ.

نەخشەی ژمارە (3) شەقامە بازرگانیە سەرەکییەکانی شاری کەلار




**سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەستن بە ( Arc Gis 10.8.1 ).**

**شەقامە بازرگانیە لاوەکیەکان(الشوارع التجارية الثانوية):**

**یەکەم/ شەقامی شەهید حەمەی شاسوار:** یەکێکە لە شەقامە بازرگانییە لاوەکییەکان دادەنرێت. لە ناوچەی توێژینەوە. درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(1513م). بە تێکڕای ڕێژەی(4.76%) بەشداری ئەکات لە کۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(172)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ (1م$^2$) دەگاتە(1ملیۆن و 184) هەزار دینار. تێکڕای نرخی کرێی مانگانە دەگاتە(400بۆ500)هەزاردینار([46]). ئەم شەقامەکە دەستپێدەکات لەفلکەی ناوبازاری سەرەکی تاوەکو یەکتربڕی پیشەسازی. زۆربەی دووکانەکانی لە دوو نهۆم پێکهاتووە. نهۆمی یەکەمی کراوە بە دوکانی بازرگانی. نهۆمی دووەمی کراوە بە نیشتەجێبوون.

**دووەم/ شەقــامی ئاوارەکــان:** بە یەکێك لەشەقامە گرنگەکان دادەنرێت. لەڕووی بازرگانیەوە. درێژی ئەم شەقامە دەگاتــە(1087م) بە تێکڕای ڕێژەی (3.42%) بەشداری ئەکات لە کۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(95)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ(1م$^2$) لەم شەقامە بازرگانیە دەگاتە(1ملیۆن و 776)هەزار دینار. تێکڕای کرێی مانگانەی دەگاتە(700بۆ 800هەزار دینار)([47]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە چوار ڕیانی شەهید حاجی سیروان درێژ دەبێتەوە بۆ سەر ڕێگای سەرەکی(کەلار- دەربەندیخان). دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین دووکانەکانی لە شێوەی بینادان نهۆی یەکەمی کراوە بەدووکانی بازرگانی نهۆمی دووەمی کراوە بە نیشتەجێبوون.

**سێیەم/ شەقامی شەهید حاجی سیروان:** یەکێك لە شەقامە بازرگانیەکان دادەنرێت لە شاری کەلار درێژی دەگاتە(744م). بەتێکڕای ڕێژەی(2.34%) بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. کۆی گشتی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(240)دوکان. بڕوانــە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نــرخی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن ونیو). تێکڕای کرێی مانگانەی دەگاتە(800بۆ900)هــەزار دینــار ([48]). ئەم شەقامە بازرگانیە دەسپێدەکات لە یەکتربڕی پیشەسازی، تاوەکو سەرەتای شەقامی پشتێنەیی کەلار گەڕەکێکی زۆریشی دەکەوێتە سەر.

**چوارەم/ شەقامی پزیشکان:** یەکێك لە شەقامە ستراتیژیەکانی ناوچەی توێژینەوە دادەنرێت. درێژی ئەم شەقــامە دەگاتە(492م). بە تێکڕای ڕێژەی(1.55%)بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. کۆی گشتی دامــەزراوە بازرگانیەکانــــی دەگاتـــە(354)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمــارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتە(11ملیۆن)، تێکڕای کرێیی مانگانەی گرانە چونکە کەوتۆتە ناوچەی سەنتەری بازرگانی کە دەگاتە(3ملیۆن و نیو)([49]). ئــەم شەقــامــە بازرگانیــە دەستپێدەکات لە تەلاری زانکۆ ڕووکنی ناوبازاڕ درێژدەبێتەوە، تاوەکو سوڕانەوەی شەقامی شاری یاری ئەم شەقامە کۆمەڵێك (چێشتخانەو دەستگێڕو کەرەستەی خۆراکــی و دەرمانخانە و عەیادەی پزیشکی و وێنەگر...هتد)،کۆبووەتەوە، لەگەڵ بوونی گەراج بۆ ڕاوەستانی ئۆتۆمبێل بە یەکێك لەشەقامە قەرەباڵغەکان دادەنرێت هاتووچۆی زۆری لەسەرە.

**پێنجەم/ شەقامی شەهیدسەرکەوت:** بــە یەکێك لە شەقامە بازرگانیەکان دادەنرێت. درێــژی ئــەم شەقامە دەگاتە(2544م). بە تێکڕای ڕێژەی(8.01%)بەشداری ئەکات لە کۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامــەزراوە بازرگانیەکـانی دەگـاتـە(58)دوکـــان بـڕوانــە خشتــەی ژمــارە(3).تـێـکڕای نــرخــی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتــە(9ملیۆن).تـێکـڕای کریـێی مانـگـانــەی دووکـاندارەکــان بــە شێوەیەکــی گشتــی دەگاتە(400بۆ500)هەزار([50]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە یەکتربڕی تاوسەکە تاوەکو یەکتربڕی شێرەی نەقیب.

**شەشەم/ شەقامی ئەندازیاران:** شەقامێکی ستراتیژی گرنگە لە ڕووی بازرگانیەوە. تایبەتمەند کراوە بە( کوتاڵ و جلوبەرگی ئافرەتـــان و بەرگدوور و پێلاوفرۆش ). درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(2132م). بە تێکڕای ڕێژەی(6.71%)بەشداری ئەکات


لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(106)دوکـــان. بڕوانـــە خشتـــەی ژمـــارە(3). تێکڕای نرخـــی زەوی بـۆ(1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن و650)هەزاردینار. تێکڕای کرێی مانگانەی دووکاندارەکان دەگاتە(2ملیۆن)([51]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە سوڕانەوەی ئاسکەکە درێژئەبێتەوە تاوەکو یەکتربڕی ئاوارەکان.

**حەوتەم/ شەقامی سەت ماڵەکە:** ئەم شەقامە بازرگانییە تایبەتمەندکراوە بە( شرینی وساردەمەنی و ،کەل وپەلی ناوماڵ و، پۆشاکی ئافرەتان و، کەل و پەلی بیناسازی). ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەپرکردنەوەی پێداویستیەکانی نـــاوچـــەی توێژینەوە. درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(629م) بەتێکڕای ڕێژەی(1.96%)بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دووکانەکانی دەگاتە(148)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3).تێکڕای نرخی زەوی بۆ(1م$^2$)دەگاتە(2ملیۆن). تێکڕای کرێی مانگانەی دووکاندارەکان دەگاتە(800بۆ900)هەزا([52]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە شەقامی شەهید سەرکەوت درێژدەبێتەوە بۆ بۆشەقامی ئەندازیاران.

**هەشتەم/شەقامی فەرمانبەران:** بـــە یەکـێــك لە شەقامە بازرگانیەکان دادەنرێت. درێـژی دەگـــاتە(8010م). بە تێکڕای ڕێژەی(25.24%) بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(42)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکـڕای نـرخـی زەوی لەم شەقامە بۆ (1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن ونیو). تێکڕای کرێی مانگانەی دووکاندارەکان بە شێوەیەکی گشتی دەگاتە(600بۆ700)هەزار([53]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە شەقامی پزیشکان درێژ دەبێتەوە تاوەکو گەڕەکی بەردەسوور.

**نۆیەم/شەقامی شارەوانی:** ئەم شەقامە بازرگانیە تایبەتمەندکراوە بە (کەمالیات و، بەرگدووری ئافرەتان و، پۆشاکی منداڵان)،درێژی ئـــەم شەقامە دەگاتـــە(649م). بەتێکڕای ڕێژەی(2.04%) بەشداری ئەکات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. کۆی گشتی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(39)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی لەم شەقامە بازرگانیە بۆ (1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن و 330)هەزار. تێکڕای نرخی کرێی مانگانەی دەگاتە(300بۆ400)هەزاردینار([54]).ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە شەقامی شەهیدان درێژدەبێتەوە تاوەکو شەقامی شەهیدحەمەی شاسوار.

نەخشەی ژمارە (4) شەقامە لاوەکییە بازرگانییەکانی شاری کەلار



سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەستن بە ( Arc Gis 10.8.1).

**شەقامە بازرگانیە گەڕەکیەکان(الشوارع التجاريةالمحلية):**

**یەکەم/شەقامی ئیمام عەباس:** بە یەکێك لە شەقامە بازرگانیە گەڕەکیەکان دادەنرێت. تایبەتمەندکراوە بە(فرۆشتگا و، جل وبەرگی ئافرەتان و، کەل و پەلی ناوماڵ و، دیکۆرات). درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(1372م). بەتێکڕای ڕێـژەی(4.32%) بەشـــداری ئەکـــات لەکۆی شەقامە بازرگانیەکـــانی شاری کـــەلار. کـــۆی گشتی دامـــەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتـە(55)دوکـان. بڕوانـــە خشتـــەی ژمـــارە(3). تێکڕای نرخی زەوی لـــەم شەقـــامـــە بۆ(1م$^2$)دەگاتە(1ملیۆن). تێکڕای کرێی مانگانەی دووکاندارەکان دەگاتە(300)هەزار([55]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە شەقامی حاجی سیروان درێژ دەبێتەوە تاوەکو جودسایدی شەقامی کاکەی فەلاح.


**دووەم/ شەقامی کاکەی فەلاح:** بە یەکێك لەشەقامە بازرگانیە گەڕەکیەکان دادەنرێتگ، لەناوچەی توێژینەوە. شەقامێکی زۆر قەرەباڵغە، هاتووچۆی زۆری لەسەرە، بووەتە شوێنی بەڕێوبردنی کاروباری هاوڵاتیان. درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(1127م). بەتێکڕای ڕێژەی(3.55%)بەشداری ئەکات لە کۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(111)دوکان. بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ (1م$^2$) دەگاتە(1ملیۆن و200)هەزار دینار.تێکڕای کرێی مانگانەی دووکاندارەکان دەگاتە(400بۆ500)هەزار([56]). ئەم شەقامە دەستپێدەکات لە شەقامی شەهید سەرکەوت درێژ دەبێتەوە بۆ شەقامی شەهید حەمەی شاسوار.

**سێیەم/ شەقامی خەبات:** ئەم شەقامە تایبەتمەندکراوە بە (مارکێت و، نووسینگەی خانووبەرە و، خواردنگە و، شرینی و، کەل وپەلی کارەبایی و، بیناسازی). درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(1008م). بەتێکڕای ڕێژەیی(3.17%) بەشداری ئەکات لە کۆی شەقامە بازرگانیەکانی شاری کەلار. ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەکانی دەگاتە(80). بڕوانە خشتەی ژمارە(3). تێکڕای نرخی زەوی بۆ(1م$^2$) لەم شەقامە دەگاتە(2ملیۆن ونیو). تێکڕای کرێی

دووكـــانـــدارەكـــان بۆ هەر مـــانگێـك دەگاتــە(500بۆ600)هەزار([57]). ئەم شەقامە دەستپێدەكات لە شەقامی شەهید سەركەوت درێژ دەبێتەوە تاوەكو شەقامی سەركەوت.

**چوارەم/ شەقامی مامۆستایان:** بە یەكێك لە شەقامە بازرگانیە گەڕەكیەكان دادەنرێت. درێژی ئەم شەقامە دەگاتە(1090م). بە تێكڕای ڕێژەی (3.43%) بەشداری ئەكات لە كۆی شەقامە بازرگانیەكانی شاری كەلار. كۆی گشتی دامەزراوە بازرگانیەكانی دەگاتە(57)دوكـــان. بڕوانـــە خشتەی ژمارە(3). تێكڕای نرخی زەوی لـــەم شەقـــامە بـــۆ(1م²)دەگـــاتە(1مـلیـۆن و نیو). تێكـڕای كرێـی دووكـــانـــدارەكـــان بـــە شێوەیەكـــی گشتـــی دەگاتە(500بۆ600)هەزار دینار([58]). ئەم شەقامە دەستپێدەكات لە شەقامی ئاوارەكان درێژدەبێتەوە بۆ چوار ڕیانی ئەندازیاران.

نەخشەی ژمارە (5) شەقامە بازرگانیە گەڕەكییەكانی شاری كەلار لەساڵی(2020)



سەرچاوە : كاری توێژەر پشتبەستن بە ( Arc Gis 10.8.1

خشتەی ژمارە(3)

درێژی و ڕێژەی شەقامە بازرگانیەكانی شاری كەلار و ژمارەی دامەزراوە بازرگانیەكانی لەساڵی(2020)

| ژ | ناوی شەقامە بازرگانیەكان | درێژی بە/م | ڕێژە% | ژمارەی دووكانە بازرگانیەكانی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەقامی شەهید حمەڕەش | ٣٦٣٦ | 11.45 | 441 |
| ٢ | شەقامی كەلار- ڕزگاری | ٥٧٠٧ | 17.98 | 41 |
| ٣ | شەقامی شەهید حەمەی شاسوار | ١٥١٣ | 4.76 | 172 |
| ٤ | شەقامی ئاوارەكان | ١٠٨٧ | 3.42 | 95 |
| ٥ | شەقامی شەهیدحاجی سیروان | ٧٤٤ | 2.34 | 240 |
| ٦ | شەقامی پزیشكان | ٤٩٢ | 1.55 | 354 |
| ٧ | شەقامی شەهیدسەركەوت | ٢٥٤٤ | 8.01 | 58 |
| ٨ | شەقامی ئەندازیاران | ٢١٣٢ | 6.71 | 106 |
| ٩ | شەقامی سەدماڵەكە | ٦٢٤ | 1.96 | 148 |
| ١٠ | شەقامی فەرمانبەران | ٨٠١٠ | 25.24 | 42 |
| ١١ | شەقامی شارەوانی | ٦٤٩ | 2.04 | 39 |
| ١٢ | شەقامی ئیمام عباس | ١٣٧٢ | 4.32 | 55 |
| ١٣ | شەقامی كاكەی فەلاح | ١١٢٧ | 3.55 | 111 |
| ١٤ | شەقامی خەبات | ١٠٠٨ | 3.17 | 80 |
| ١٥ | شەقامی مامۆستایان | ١٠٩٠ | 3.43 | 57 |
| ١٦ | تێكڕا | ٣١٧٣٥ | 100 | 2039 |

سەرچاوە:1- كاری توێژەر پشت بەستن بە سەرۆكایەتی شارەوانی كەلار بەشی(GIS).

2 - كاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری 2022/5/10 بۆ 2022/5/21.

**دەرئەنجام:**

توێژەر لەكۆتایدا بەچەند ئەنجامێك گەیشتووە كە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1- سەرەتا شاری كەلار پێش ساڵانی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو وەكو گوندێكی ئاژەڵدار و كشتوكاڵی لەسەرخۆ ئاوەدانكراوەتەوە، بەتایبەت دەشتی كەلار كەپێشتر بە (دەشتی شێروانە) ناسراوە، لەسەرەتاكانی پەنجاكانی سەدەی ڕابردوو جوتیارانی كۆنی شاری كەلار بەرهەمەكانیان بریتیبوون لە، (گەنم و جۆ و نۆك)پەنایان بردۆتە بەر قەزای كفری بۆساغكردنەوەیان دواتر بە پارەكەی پێداویستی ڕۆژانەی خۆیانیان كڕیوە، شاری كەلار لەم قۆناغەدا پێكهاتبوو لە(4)گەڕەك.

2- لەساڵانی (1971-1991) دوای ئەوەی شاری كەلار بەمەرسومێكی كۆماری لەساڵی(1970) كرا بە قەزا و دوای ئەم بڕیارە شاری كەلار وردە وردە فراوانتربوو، بووبە ناوەندی ڕاكێشانی دانیشتوانی دەوروبەر لەسەرەتای ساڵی *هەشتاكان* بازاڕی شاری كەلار گەشەیسەند و كۆمەڵێك وەزیفە دێتەناو ئەم شارەوە بەڵام وەزیفەكان سادەوساكار بوون. ژمارەی دوكانە بازرگانییەكان لەم قۆناغەدا گەیشتنە (150) دوكان، بەكارهێنانی زەوی لەم قۆناغەدا زیادیكرد گەیشتە(0.03كم²). شاری كەلار لەم قۆناغەدا پێكهاتبوو لە(9)گەڕەك.

3- لەساڵانی (1992-2002) لەم قۆناغەدا شاری كەلار گۆڕانی بەخۆوەبینی ژمارەی گەڕەكەكان زیادی كرد و گەیشتنە(12) گەڕەك. هەروەها ژمارەی دانیشتوانیش زیادی كرد، ڕووبەری بەكارهێنانی بازرگانی لەم قۆناغە گەیشتە (0.13كم²)، زۆربەی دوكانە بازرگانییەكان كەوتبوونە گەڕەكی (فەرمانبەران و بنگرد)، شاری كەلار پێگە بازرگانییەكەی كەوتبووە سەر ڕێگا سەرەكییەكانی(بغداد، بەعقوبە، سلێمانی) توانی ئاقارێكی گرنگی بواری بازرگانی لەشارەكە دروستبكات.

5- لەدوای ساڵی (2003-2020) شاری كەلار گۆڕانێكی گەورەی بەخۆوە بینی كە پێشتر بەخۆیەوە نەیبینیبوو ژمارەی گەڕەكەكانی گەیشتنە (26) گەڕەك و ژمارەی دوكان و باڵەخانەی بازرگانی زیادیان كرد و ڕووبەری بەكارهێنانی زەوی بۆ بواری بازرگانی زیادیكرد و گەیشتە(0.899كم²). بەهۆی پێشكەوتنی ئابووری، گۆڕانی گەورەی بەسەر ژیانی خەڵكدا هێنا و ڕاستەوخۆ كاریكردە سەر جوڵەی بازاڕ. ڕووبەری شاری كەلار لەساڵی (2020) گەیشتە(24كم²) و ژمارەی دوكانە بازرگانییە جۆراوجۆرەكانی لەم قۆناغەدا گەیشتنە (7893) دوكان.

6- نرخی زەوی و کرێ، بەرزترین نرخ و کرێ لەناوچەی سەنتەری بازرگانیدایە. لەشاری کەلار لەناوچەی سەنتەری بازرگانی بەرزترین نرخ نرخی (1م$^2$) دەگاتە (11ملیۆن دینار ) و تێکرای کرێی مانگانەی دەگاتە (1ملیۆن بۆ 2ملیۆن و 500 هەزار دینار).

7- هۆکاری هێمنی و ئاسایش، کاریکردۆتەسەر فراوانبوونی چالاکی بازرگانی و پاڵی بەدانیشتوانەوە ناوە بۆ کردنەوەی دووکانی جۆراوجۆر.

8- ناوچەی سەنتەری بازرگانی و شەقامە بازرگانییەکان و بەیەکێك لەگرنگترین ناوچەی بازرگانی دادەنرێن و رۆڵی گرنگیان بینیوە لە گەشەکردنی بازرگانی شارەکە، لەلایەکی ترەوە بەشداری دەکەن لەپڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دانیشتوانی شارەکە.

## لیستی سەرچاوەکان لەپەراوێزدا:-


1 - صباح علی جاف،کەلار لەسەردەمی سوڵتان سلێمانی عوسمانیدا لەساڵی1528،بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی رۆژی کەلار،ژمارە(4)،شوباتی،2020،ل 127،128.

2 - ساڵەح هەلاج،پێگەی کەلار لە مێژووی کــۆن و نوێدا، بڵاوکراوەیـــەکی تایبەتە بە ســـاڵیادی بە قەزابوونی کەلار،ژمارە(5)،شووباتی 2021،ل 233- 234.

3 - بنار حسن محمد عبدالرحمان،کاریگەری رێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆی ئۆتۆمبێل لەبنیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار،(نامەی ماستەر)،کۆلێژی زمان وزانستەمرۆڤایەتیەکان،بەشی جوگرافیا،2017،ل43.

4 - محمد شاکەلی، قەزای کفری شارەدێی کەلار لەپەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی 1961- 1975، چاپخانەی کارۆ،کەرکوك،2012، ل 135-155-156.

5 - میقداد حسن عبدالقادر، شـــاری کـــەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جـوگــرافیــای شار، (نامەی ماستەر)، سکولی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، ل 62.

6- سوارە حسن باجەڵان، مێژووی کەلار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم، 2011،ل 55-567.

7-رەحیم أحمد عبدالكريم، کشتوکاڵ لە قەزای کەلار و، دەوروبەری، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی بە قەزابوونی کەلار، شوباتی،2018،ل 55.

8- میقداد حسن عبدالقادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 66.

9 - بنار حسن محمد عبد الرحمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 47.

10- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز عبدالله حسن، خوێنەواری ناسراوی ناوچەکە، لەبەرواری 2021/12/10،رۆژی چوارشەمە.

11- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز،مستفی سعید علی، خوێنەواری ناسراوی ناوچەکە، لەبەرواری، لەبەرواری 2021/11/11.

12- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز،عبدالله حسن هەمان سەرچاوەی پێشوو.

13 - کاری توێژەر پشت بەستن بە(Arc Gis 10.8.1).

14 - رزگار حاجی حمید، کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو1970-2012،چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم،2015،ل 35.

15- مشیر عارف علی، کەلار گرانترین جیهانی خانووبەرە، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی رۆژی کەلار، ژمارە(24)، شوباتی 2020،ل 216.

16- میقداد حسن عبدالقادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 112.

17- یادگار خدر رشید، شیکردنەوەی جوگرافی دابەش بوونی پیشەسازی لەپارێزگای هەولێر، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین،2014،ل 6.

18- چاوپێکەوتن لەگە ڵ بەرێز عبدالله حسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.

19- کاری توێژەر پشت بەستن بە(Arc Gis 10.8.1).

20 -گەشتی مەیدانی توێژەر بۆ چەند گەڕەکێکی شاری کەلار لەبەرواری 2022/1/1.

21- سەلاحەدین حەمید، ئابووری کوردستان ساڵی(1077- 1990)، چاپی یەکەم، سلێمانی،2000،ل74.

22 - رزگارحاجی حمید، هەمان سەرچاوەی پێشووە، ل 266- 267.

23 - بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان،2022.

24 مشیر عارف علی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 2016- 2017.

25 - 1- کاری توێژەر، توێژینەوەی مەیدانی، لەبەرواری، 2022/6/29، 2- پشت بەستن بە(Arc Gis 10.8.1)، 3-سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار2022.

26 – سعيد فاضل أحمد،الوظيفة التجارية لمدينة بعقوبة تأثيرها التجاري في محافضة ديالى،جامعةديالى(أطروحة دكتورا)كليه التربيةللعلوم الانسانية،قسم الجغرافية،2014،ص123.

27- ضياء خميس على، أستعمالات الارض الحضرية المركز الكرمة، جامعة الانبار، كلية التربية للبنات، قسم الجغرافية، مجلة جامعةتكريت العلوم الانسانية، المجلد(23)،العدد(8)أب 2016،ص 24-25.

28 - صبرى فارس هيتي، صالح فليح حسن، جغرافية المدن، جامعة بغداد، كليةالاداب،2000ص96.

29- طه مصعب الخزرجي،قاسم نصيف جاسم الحداد،تقيم الكفاءة الوظيفة التجارية في قضاء دجيل،جامعة تكريت،كلية التربية الاساسية،العدد(7)،جامعة بابل،أيار(2011)،ص 232.

30 - فتحي أبو عيانة، جغرافية العمران دراسة التحليلة للقرية والمدينة، دارالمعروف الجامعية،1996،ص315.

31- گەشتی مەیدانی توێژەر بۆ سەنتەری بازرگانی شاری کەلار لەبەرواری2022/3/1 – 2022/3/25.

32- کاری توێژەر پشت بەستن بە(Arc Gis 10.8.1).

33- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز، رێبوار بهرام أحمد الطائش، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە لەبەرواری 2022/5/9.

34- عادل عبدالله خطاب، جغرافية لمدن، جامعةبغداد، 1990،ص78.

35- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز رێبوار بهرام أحمد الطائش، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

36- عادل عبدالله خطاب، مصدر النفسة،ص78.

37- عادل عبدالله خطاب، مصدر النفسة، ص 78.

38- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز سەلام عوسمان،بەڕێوبەری بەشی زەوی وزار لەسەرۆکایەتی شارەوانی کەلار ، لەبەرواری 2022/1/12.

39- عادل عبدالله خطاب، مصدر النفسة، ص 78.

40- سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی سەنتەری بازرگانی لەبەرواری 2022/3/1.

41- خالص حسين الاشعب و صباح محموود محمد، مورفولوجية المدينةالعربية، مطبعة أسعد، جامعة بغداد، 1983،ص 201.

42- عادل عبدالله خطاب، مصدر النفسة، ص 79.

43- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز سابیر عزیز، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/1.

44- بەرێوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، زانیاری بڵاونەکراوە.

45- ئاسۆ ئەکرەم، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری2022/5/8.

46- ئاسۆ ئەکرەم، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
47- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، هاوار حسێن، خاوەن نووسینگەی زەوی وزار و خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/8.
48- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز هاوار حسێن، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
49- ڕێبوار بهرام أحمد الطائش، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
50- ڕێبوار بهرام أحمد الطائش،هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
51- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز،عمر محمد أمين،خاوەن نووسینگەی هاوچەرخ،لەبەرواری2022/5/18.
52- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، شێرکۆقادر، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/9.
53- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، شێرکۆ قادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
54- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، عمر محمد أمين، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
55- چاوپێکەوتن لەگەڵ سابیر عزیزقادر، هەمان سەرچاوەی پێشوو،2022.
56- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، علی محمد قازی،خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری، 2022/5/9.
57- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دیار محموود فتاح، خاوەن نووسینگەی جوانی شایەن، لەبەرواری 2022/5/9.
58- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دیار ابراهیم، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/9.

**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:-**
1- باجەڵان، سوارە حسن، مێژووی کەلار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی چاپی یەکەم،2011.
2 - حاجی حمید، ڕزگار، کەلار مێژوویەکی دێرین وجوگرافیای شارێکی زیندوو 1970- 1975،چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم،2015.
3 - حەفید، سەلاحەدین، ئابووری کوردستان لەساڵی(1977- 1990)، چاپی یەکەم، سلێمانی،2000.
4- شاکەلی،محمد ، قەزای کفری شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا پاسەکەی حاجی 1961- 1975،چاپخانەی کارۆ،کەرکوك،2012.
**دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان:-**
1- أبوعيانة، فتحي، جغرافية العمران، دراسةالتحليلة للقرية والمدينة، دارالمعروف الجامعية،1996.
2- الاشعب، خالص حسين و صباح محمود محمد، مورفولوجية المدينة العربية، مطبعة أسعد، جامعة بغداد،1983.
3- خطاب، عادل عبدالله، جغرافية المدن، جامعة بغداد،1990.
4-هيتي، صبري فارس، صالح فليح حسن، جغرافية المدن، جامعة بغداد، كليةالاداب،2000.
**سێیەم/نامە زانکۆیەکان و تێزی دکتۆرا:-**
1- ڕەشید، یادگار خدر ڕەشید، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی پیشەسازی لەپارێزگای هەولێر، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین،2014.
2- عبدالقادر، میقداد حسن، شاری کەلار لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای شار، (نامەی ماستەر)، سکولی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، بەشی جوگرافیا،2014.
3 - عبدالرحمان، بنار حسن محمد، کاریگەری ڕێگاوبان و جوڵەی گواستنەوەی ناوخۆی ئۆتۆمبێل لە بونیادنانی پیشەیی و ئاوەدانکردنەوەی شاری کەلار، (نامەی ماستەر)، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا،2017.

**چوارەم/أطروحة دكتورا:-**
1-سعيد، فاضل أحمد،الوظيفة التجارية لمدينة بعقوبة تأثيرها التجاري في محافظة ديالى،جامعةديالى(أطروحة دكتورا)كليه التربيةللعلوم الانسانية،قسم الجغرافية،2014.
پێنجەم/ **گۆڤارە کوردیەکان**
1- عبدالکریم، ڕەحیم حمید، کشتوکاڵ لەقەزای کـەلارو دەوروبەری، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی بەقەزابوونی کەلار، شوباتی(2019).
2– علی جاف، صباح، کەلار لەسەردەمی سوڵتان سلێمان قانووندا لەساڵی(1528)، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەساڵیادی ڕۆژی کەلار، ژمارە(4)، شوباتی، (2020).
3- علی، مشیر عارف، کەلار گرانترین جیهانی خانووبەرە، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی ڕۆژی کەلار، ژمارە(24)، شوباتی(2020).
4– هەلاج، ساڵەح، پێگەی کەلار لە مێژووی کۆن ونوێدا، بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە ساڵیادی بەقەزابوونی کەلار، ژمارە(5)، شوباتی(2021).
**شەشەم/ مجلة العربية:-**
1 - الخزرجي، طه مصعب، قاصم نصيف جاسم الحداد، تقيم الكفاءة الوظيفة التجارية في قضاء دجيل،جامعة تكريت، كلية التربيةالاساسية، العدد(7)، جامعة بابل، أيار(2011).
2 - علي، ضياء خميس، استعمالات الارض الحضرية المركز الكرمة، جامعة الانبار، كلية التربية للبنات، قسم جغرافية، مجلة جامعة تكريت العلوم الانسانيه، المجلد(23)،العدد(8)،أب2016.
**حەوتەم/چاوپێکەوتنە مەیدانیەکان:-**
1- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عبدالله حسن، مامۆستای ناسراوی ناوچەکە، لەبەرواری 2021/11/11.
2- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مستەفا سعید علـی، مـامۆستای نـاسراوی ناوچەکـە، لە بەرواری 2022/12/10.
3- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ڕێبوار بهرام أحمد الطائش، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە لەبەرواری 2022/5/9.
4- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سەلام عسمان، بەڕێوبەری بەشی زەوی وزار لە سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار لە بەرواری 2022/1/12، ڕۆژی یەکشەمە.
5- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سابیر عزیز، خاوەن نووسینگەی حاجی علی قازی، لەبەرواری 2022/5/1.
6- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئاسۆ ئەکرەم، خاوەن نووسینگەی زەوی و زارو خانووبەرە لەبەرواری 2022/5/8.
7- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز هاوار حسێن، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/8.
8- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، عمر محمد أمين،خاوەن نووسینگەی زوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری2022/5/18.
9- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، شێرکۆقادر، خاوەن نووسینگەی زەوی وزارو خانووبەرە، لەبەرواری 2022/5/9.
10- چـاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، علی محمد قازی، خـاوەن نووسینگەی زەوی وزار و خانـووبـەرە لەبەرواری، 2022/5/9.
11- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز دیار ابراهیم، خاوەن نووسینگەی زەوی وزار و خانووبەرە،لەبەرواری 2022/5/9.
12- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، دیار محموود فتاح، خاوەن نووسینگەی جوانی شایەن، لەبەرواری 2022/5/9.
**هەشتەم/فەرمانگە حوکمیەکان:-**
1 - بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، زانیاری بڵاونەکراوە، 2022.
2- بەڕێوبەرایەتی ئاماری گەرمیان، داتای بڵاونەکراوە، 2022.

3 - سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، داتای بڵاونەکراوە، 2022.
4 - حوکمەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پیلاندانان،بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی،نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی،بەشیgis .

**نۆیەم/گەشتە مەیدانیەکان:-**

1 - گەشتی مەیدانی توێژەر بۆچەند گەڕەکێکی شاری کەلار لە بەرواری 2022/1/1.
2 - گەشتی مەیدانی توێژەر بۆ ناوچەی سەنتەری بازرگانی شاری کەلار لە بەرواری 2022/3/1 – 2022/3/25.

**دەیەم/بەکارهێنانی Gis (Arc Gis 10.8.1).**

**یانزەیەم/ئەتڵەس**

1-أمین،هاشم سالح حمد وئەوانی تر،ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان،چاپی یەکەم،کۆمپانیای تێنووس،هەولێر،2009.